پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەڵت بوونی قەدەغە کرد لەسەر عوسمانی کوڕی مەزعون، وئەگەر ڕوخسەتی بدایە؛ ئەوا خۆمان دەخەساند

لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەڵت بوونی قەدەغە کرد لەسەر عوسمانی کوڕی مەزعون، وئەگەر ڕوخسەتی بدایە؛ ئەوا خۆمان دەخەساند*».
*(دەخەساند: بڕیتیە لە بڕینەوەی گونەکان بۆئەوەی مرۆڤ شەهوەتی نەمێنێت وئەمیش حەرامە ونەهی لێکراوە لە شەریعەتدا)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: عوسمانی کوڕی مەزعون بەهۆی زۆر خۆویستنی بۆ پەرستنی خوای گەورە، حەزکردنی بۆ خۆ یەکلایی کردنەوە بۆ خودا پەرستی، ویستی واز لە خۆشی وچێژەکانی ژیان بهێنێت. بۆیە داوای ڕوخسەتی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەوەی خۆی دابڕێت لە ئافرەتان وخەریکی خودا پەرستنی بێت، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی پێی نەدا، چونکە وازهێنان لە خۆشی وچێژە حەڵاڵەکانی دونیا وخۆ یەکلایی کردنەوە تەنها بۆ خودا پەرستنی وخۆ دوورخستنەوە لە خەڵکی وخۆشییەکانی حەڵاڵەکانی ژیان لە زیادەڕەوییە. دینداری دروست ئەوەیە مافی خوای گەورە بزانێت سەبارەتی بەوەی لەسەریەتی لە پەرستنەکان، وهەروەها مافی نەفسی خۆیشی لەبیر نەچێت لە چێژ وەرگرتن لە حەڵاڵکراوەکان، بۆیە ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی بە عوسمانی کوڕی مەزعون بدایە، ئەوا زۆرێکی تر شوێنی دەکەوتن لە ئەوانەی زۆر پەرستن ئەنجامدەدەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6044